Kurdish (Sorani)
26 January 1998
[BHC-4450]

# Domestic violence hurts the whole family

## توندوتیژی ناوخۆ ئازاری هەموو خیزان دەدا

ئەگەر پیتوایه ژنان زیاتر له دەرەوه لەسەر شەقامەکان دوور له ئاسایشی مالەوه ترسی توندوتیژییان لەسەرە، ئەوە به هەلەدا چوویت.

ژنان لەمالەوەی خۆیان شانسی هیرشکردنه سەریان زیاتر لەسەره لەلایەن ئەو کەسانەی که لەگەلیدا دەژین. توندوتیژی ناوخۆ که کاردەکاته سەر ژنانی هەر تەمەنیکو له هەر ولاتیکەوه هاتبن، جۆریکه له ئازاردان که زۆر جۆر شەکلو شیوه له خۆ دەگریَ.

سەرەرای لیدانی بەدەنی دەکریَ به هەرەشەکردن، ریسواکردن یان پردانی سیکسی بکریَ. هەروەها دەکریَ به خۆهەلقورتاندن له ئازادی کەسایەتی کەسیکەوه بکریَ به دوورخستنەوەیان له خزمو دۆستانی، یان دەستبەسەر داگرتنی ئەو پارەیەی که حەقی خۆیانه. ئەو جۆره ئازاردانانه یەك شتی گشتیان هەیه — چەند ریگایەك هەیه که کەسیك (زۆربەی جار پیاو، هەندیکجاریش ژن) بەکاریان دەهینیَ بۆ کۆنترۆلکردنی هاوسەرەکەی یان ئەندامانیدیکەی خیزانەکەی.

هەندیك کەس پییانوایه که ئەو جۆره ئازاردانانه مەسەلەیەکی تایبەتییەو، ئەرکی خیزانەکەیه چارەسەریان بکات. بەلام له ئوستراليا توندوتیژی ناوخۆ تاوانەو خیزانەکان مافی ئەوەیان هەیه که لیی بپاریزدرین. شاردنەوەی له پشت دەرگاکانەوه ریگه دەدا که ئازاردانەکه دریژەبکیشیَ، رەنگدانەوەی خراپی لەسەر هەستوسۆزو بەدەنی ئەندامانی مالەوه دەبیت. ئەگەر هیچی بەرامبەر نەکرا زۆرجار ئازاردانەکه بەرەو خراپی دەروا، هەندیجاریش دەبیته مایەی برینداربوون یان مردن.

هەتا ئەگەر یەك کەس — زۆربەیجار هاوسەری پیاو— ببیته نیشانەی ئازاردان، ئەوا هەر کاردەکاته سەر ئەندامانیدیکەی خیزانەکه. ئەو مندالانەی له خیزانیکی ئازاردراو پەروەردە دەکرین لەوانەیه ئەوانیش پەره به گرفتەکان بدەن — لەوانەیه وا هەست بکەن که گەورەسالان، بەتایبـەتی نیرینەکان، جیگای متـمانه نین، لەوانەیه کیشــەی ئەلکهول یان بیهۆشـکەر (drug) لەلایان سەرهەلبدات. که گەوره دەبنو هاوسەرو مندالی خۆیان دەبیت لەوانەیه ئازاردەر بن لەگەلیان. لەبەرئەوه ناتوانین بلیین که توندوتیژی ناوخۆ کاری کەسیدیکه نیه — ئەوه کیشەیەکه کاردەکاته سەر تەواوی کۆمەل.

زۆر ژن هەن به سالان بیدەنگی له توندوتیژی ناوخۆ دەکەن. هەندیکجار لەبەرئەوەی پییانوایه که "موستەحەقن"، یان پاساوی بۆ دەکەن لەبەر گرفتیدیکه وەکو قومار، ئەلکهول یان گرفتەکانی دیکەی پەیوەندی خانەوادەیی. بەلام هیچ کەسیك شایانی ئەو ئازاردانه نیەو هیچ پاساویشی بۆ نیه.

ژنان چۆن دەتوانن خۆیانو مندالەکانیان له توندوتیژی ناوخۆ بپاریزن؟ چەندان خزمەتگوزاری هەیه که دەتوانن یارمەتی بدەن به پیشکەشکردنی راویژکاری، رینمایی یاسایی یان جیگای حەوانەوه له تەنگانه. دکتۆری خیزان (GP)، سەنتەری تەندروستی کۆمەلگا یان سەنتەری تەندروستی ژنان دەتوانن ریوشوینی پەیوەندیکرنت پییان نیشان بدەن. زانیارییت دەستدەکەویت به تەلەفۆن کردن بۆ خەتیهەمیشەیی توندوتیژی ناوخۆ لەسەر 1800 65 64 63. ئەگەر کیشەت هەیه به ئینگلیزی قسه بکەی، ئەوه خزمەتگوزاری وەرگیران (TIS) لەسەر 13 14 50 دەتوانن یارمەتیت بدەن که تەلەفۆنەکه بکەی. ئەگەر ژنیك بریاریدا که هاوسەرەکەی بەجیبهیلیَ، لەوانەیه پیویستی به رینمایی یاسایی ببیت لەگەل وەرگرتنی

فەرمانی گرتنی توندوتیژی Apprehended Violence Order (AVO) ئەوە ریوشوینیکی یاساییە وەك ئاگادار کردنەوەیەکی پیاوەکە کاردەکا کە نەهیرش، نەهەرەشە یان هاوسەرەکەی نەترسینێ. ئەگەر فەرمانەکەی پشتگوێ خست، ئەوە پۆلیس دەتوانێ بیگرێ.

رینمایی یاسایی‌و یارمەتی بۆ بەدیهینانی (AVO) لە ژووری قازی (Chamber Magistrate) لە دادگای ناوخۆ دەستدەکەویت. هەندیك دادگا "پلانی یارمەتیدانی توندوتیژی ناوخۆ"شیان هەیە، کە فەرمانبەری دووزمانزان یان وەرگیر بەکاردەهینن بۆ یارمەتیدانی ئەو کەسانەی کە کەم یان هیچ ئینگلیزی نازانن.

داواکردنی یارمەتی لەوانەیە هەنگاویکی سەخت بیت — بەلاّم هەنگاوی یەکەمە بەرەو ژیانیکی ئاسوودەتر بۆ خیزانەکەت.

ئەو کەسانەی کە دۆستیکیان یان خزمیکیان دووچاری توندوتیژی ناوخۆ بۆتەوە دەکرێ یارمەتی بدەن. نەك بەوەی بە ژنەکە بلین کە گرفتەکەت مەزن کردوە، یان "سەبر بگرە لەگەلی"، یان "زیاتر هەولدە"، بەلکو بە باوەرپیکردنو پشتیوانی لیکردن. کۆمەلگا دەتوانێ یارمەتیدەر بیت بەوەی کە بە ئاشکرا باس لە توندوتیژی ناوخۆ بکاتو بلێ شتیکی قەبولنەکراوە.

ئەگەر پیویستت بەوە هەیە کە تەلەفۆن بە ئینگلیزی بکەیت، ئەوە تەلەفۆن بۆ خزمەتگوزاری وەرگیران (TIS) بکە لەسەر 131 450.

دەتوانی زانیاری تەندروستی زیاترت بە زمانی خۆت دەسکەویت لەسەر مالپەری پەیوەندی فرەفەرهەنگی لە http://mhcs.health.nsw.gov.au.

ئەو ژمارە تەلەفۆنانە دروستن لە کاتی بلاّوکردنەوەدا بەلاّم بە بەردەوامی تازە ناکرینەوە. لەوانەیە وا پیویست بکات کە سەیری دەفتەری تەلەفۆنات بکەیت.

ئەو ژمارە تەلەفۆنانە دروستن لە کاتی بلاّوکردنەوەدا بەلاّم بە بەردەوامی تازە ناکرینەوە. لەوانەیە وا پیویست بکات کە سەیری دەفتەری تەلەفۆنات بکەیت.

REVIEWED April 2003
NSW Multicultural Health Communication Service